
# گومان و دەرئەنجامەکانی



**چنار نامق**
**chnarnamq@yahoo.com**

✿ گومانکردن فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزان، یەکێکە لەو دیاردانەی دەبنە هۆی تێکچوونی خێزان و وێران بوونی ماڵ، مەسەلەی بوونی گومان و نەبوونی متمانە لە نێوان دوو هاوسەردا، دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەو ئاڵۆزی، بێگومان مرۆڤی خانە گومان بێوچان لە دڵەڕاوکێی و نائارامییەکی لە رادەبەدەردا ژیان دەگوزەرێنێت، تا دەگاتە ئەو بڕوایەی گومان لە هەموو کردەیەکی دروست و شیاویش دەکات، ئەمەش بۆ خۆی نەخۆشییەکی کوشندەیە مرۆڤ دووچاری دەبێت و، لە ئەنجامی نا پتەوی بڕواوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە زۆرجار گومانکردن لە بەرامبەر بەبێ هیچ بنەمایەکی راست و دروست و نەبوونی متمانە مرۆڤ دووچاری نەخۆشییە دەروونییەکان دەکات، هەر ئەو نەخۆشییە دەرونیانەش دەبنە هۆکاری چەندین ئازاری جەستەیی و هەندێک جار مرۆڤی خانە گومان روودەکاتە لای پزیشک بۆ چارەسەرکردن و پەنا دەباتە بەر وەرگرتنی برێکی زۆر لە داوودەرمان بێئەوەی هەست بەوە بکات کارتێکەرە دەروونییەکان کاریگەری راستەوخۆیان هەیە بەسەر تەندروستی و لەش ساغییەوە، ئەم دیاردەیەش وەنەبێ تەنیا لای ئافرەتان باوبێت بەڵکو رەنگە رێژەیەکی زۆر لە پیاوانیش بگرێتەوە، لە ئاکامی هەڵچوون و نەگەیشتن بە راستی مەسەلەکان و لێنەکۆڵینەوەی زانستی و لۆژیکی زۆر لە هاوسەران دەبنە سوتەمەڕۆی ئەو ئاگرەی کە لە ئەنجامی لێکنەگەیشتن و رق ئەستوری و لێنەپێچانەوەدا بەرپا دەبێت، هەندێک جار مرۆڤ لە هەڵەیەکی بچووکی رۆژانەوە، کێشەیەکی گەورە لە خەیاڵ و هزریدا دروست دەکات و بارستاییەکی ئەوتۆی دەداتێ کە رەنگە بە بچوکترین وتووێژ چارەسەر بکرێت، بۆیە خوازیارم لەجیاتی هەڵچوون هەمیشە کێشەکانمان بە ئارامی و هێوری و دور لە رق و کینە، بێنینە جیهانی فراوانی گفتوگۆوە و بەوپەری ئارامی و هێمنییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی بە ئاسانی حاڵەتە ئەرێنی و حاڵەتە نەرێنییەکانمان بۆ لێک جودا بکرێتەوە، هەندێک جار بێئەوەی هیچ لە ئارادا هەبێت، ژن یاخود پیاو لەمپەرێک لەنێوان خۆی و هاوسەرەکەیدا دروست دەکات، کە لە راستیدا هیچ کێشەیەک بوونی نییە، بەڵام لە ئەنجامی بێدەنگ بوون و قسەنەکردن لەگەڵ یەکتردا و حەشاردانی ئەو هەستەی کە لە ناخیاندا پەنگ دەخواتەوە و دەرنەبڕینی بۆ بەرامبەر وادەکات گومانەکان قوڵتر بن، لەمپەرەکان گەورەتر بن، تا دەگاتە ئەو رادەیەی کێشەی گەورە و ئاڵۆزتری لێبکەوێتەوە و دواجار چارەسەرکردنی کێشەکان مەحاڵ بێت، ببێتە هۆی لێکجیابوونەوە و پچڕانی پەیوەند ی و تێکچوونی شیرازەی خێزان، بۆیە پێویستە لەو حاڵەتەدا مرۆڤ نەرمی بنوێنێت و بەهێوری مامەڵە لە تەک مەسەلەکاندا بکات نەکا دووچاری کێشەی گەورەتر بێتەوە چونکە توندوتیژی لە بیرکردنەوەدا، دەبێتە مایەی ئاڵۆزی و گرژبوونی هەموو بارودۆخێک هەرچەندە ئاسایی بێت.

ئەمە نەک تەنیا لەلایەنی ژن و مێردەوە و بەڵکو ئەم هاوکێشەیە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، لە هەموو بوار و کایەکانی ژیاندا.

بۆ ئەوەی رێگربین لە دروستبوونی کێشە لە نێوانماندا پێویستمان بە راستگۆیی و دڵفراوانی و خۆشەویستی راستەقینە و هەوڵدانی لێکگەیشتنە لە یەکتر، ئەمەش بەوە دێتە ئاراوە کە بوار بە رق و کینە و گومان نەدرێت، چونکە گشت ئەمانە دەبنە هۆکاری گرژی و ناتەبایی نێوان تاکەکان لە کۆمەڵگە و دەبنە ئاستەنگ لە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. خەفەکردنی راستی و حەشاردانی گومانەکان دەبنە هۆی ململانێیەکی نابەجێ کە کاردانەوەی نێگەتیڤانەی دەبێت بەسەر ئایندەی تاک پاشان کۆمەڵگە، زۆرجار کەمی رادەی وشیاری و نەبوونی رۆشنفکری و کەمی متمانە و نەبوونی راستگۆیی و خۆشەویستی و لێکنەگەیشتن زیانی گەورە بە مرۆڤ دەگەیەنێت بەڕادەیەک کە لە هیچدا کێشەیەکی زەبەلاحی لەلا دروست دەبێت و بە دیوەزمەی ئەو خەمەوە دەناڵێنێ و دەتلێتەوە بێئەوەی تێبفکرێ و لەخۆی بپرسێت، لە هۆکار و بگەڕێت لە چارەسەر پەنا دەباتە بەر بێدەنگی و گۆشەگیری و بڕیارێکی راستەوخۆ و یەک لایەنە لەسەر مەسەلەکە دەدات. بێئەوەی بەرامبەرەکەی لەو کێشەیە ئاگادار کاتەوە، کە لە ئەنجامی گومانی خۆیدا سەرچاوەی گرتووە و رەنگە کەسی گومانلێکراو نەک تەنیا ئاگاداری ئەو دۆخە نییە، بەڵکو دەکرێت هەستیشی پێنەکردبێت هەر بۆیە دەڵێم بۆ ئەوەی گومان نەمانخواتەوە چاکترین رێگا ئەوەیە دڵ و دەروونمان خاوێن کەینەوە و رێگا نەدەین نیگەرانییەکانمان ببنە هۆی گومانکردن لە بەرامبەرەکەمان، چونکە گومان پەتایەکی کوشندەیە و گەر لە ئاستیدا لاوازی بنوێنین بیروبۆچوونمان تاپۆ دەکات و دەمانکات بە خۆراکی خۆی. ■